# لەبادینان؛ پارتی بەدالّدەدانی مستەشارەکان تاوانبار دەکرێت

## مامۆستایەکی زانکۆی دهۆک: دوورنییە ئەنفالێکی تر روویداتەوە


پارتی دهۆک دەکاتە پەناگەی موستەشارە تاوانبارەکان. فۆتۆ: ئینتەرنێت

لڤین: راپۆرتی دیاری خالید

لەدەڤەری بادینان پارتی دیموکراتی کوردستان بەدالّدەدانی ئەو مستەشارانە تاوانبار دەکرێت کەبەشدارییان کردووە لەپرۆسەی ئەنفالو ئێستا لەلایەن دادگای بالاّی تاوانەکان داواکراون. مامۆستایەکی زانکۆی دهۆکیش رایدەگەیەنێت بەهۆی پشتگیری دەسەلاّتی کوردی لەو مستەشارانە دوورنییە ئەنفالێکی دیکە روویداتەوە.

دادگای بالاّی تاوانەکانی عێراق بڕیاری دەستگیرکردنی (٢٥٨) موستەشاری کوردی دەرکردووە، بەلاّم حکومەتی هەرێم هیچ هەولّێکی نەداوە بۆ دەستگیرکردنو دادگایی ئەو مستەشارانە، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەدەزگاکانی راگەیاندن بلاّوبوونەتەوە هەندێک لەمستەشارەکان لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە دالّدەدەرێن، ئەمەش بووەتە جێگەی نیگەرانی خەلّکی کوردستان.

سەرچاوەیەک کەنەیویست ناوی بهێنرێت بەلڤینی راگەیاند "لەماوەی رابردوودا لەدەڤەری بادینان ژمارەیەک لەو مستەشارانەی کە تاوانبارن بەئەنفالکردنی دەڤەری بادینان لەلایەن پارتییەوە هەموو هاوکارییەکیان دەکرێت بەپێدانی پارەو زەویو دروستکردنی دیوەخان، بۆ کۆکردنەوەی خەلّکی لەدەوریان".

هەروەها ئەو سەرچاوەیە وتیشی "ئێستا لەلایەن پارتییەوە کارئاسانی دەکرێت بۆ گەڕانەوەی ژمارەیەکی تر لەو مستەشارانەی کە لەدەرەوەی کوردستان دەژین بۆ دەڤەری بادینان، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی نیگەرانی لای هاوولاّتیان".

بەبڕوای ئەو سەرچاوەیەی لڤین مەبەستی پارتی لەم کارەدا ئەوەیە کە دەیەوێت بەتەواوی لەدەڤەری بادینان پێگەی حیزبەکانی تر لاواز بکات، بۆ ئەمەش ئامادەیە هەموو شتێک بکاتە قوربانی.

سەرچاوەیەکی تر لەشاری ئامێدی بەلڤینی وت "یەکێک لەو موستەشارانەی زیانێکی زوری لەدەڤەری ئامێدی داوەو

بەشێکی زۆر لەگوندەکانی ئامێدی سووتاندو خەڵکەکەی کوشت ئێستا ماڵی لەدهۆکە، بەناوی (م، ک) کەپارتی پارەیەکی زۆری خستووەتە خزمەتی و دیوەخانی بۆ داناوە".

عەلی بەندی بەرپرسی سەنتەری ئەنفال لەبادینان ئەو زانیاریانەی بۆ لڤین پشتراستکردەوەو وتی "ئەو موستەشارو ئاغایانەی دەستیان بەخوێنی هەزاران هاووڵاتی ئەم ناوچەیە سوورە ئێستا بێترس دەسوورێنەوە، بگرە هاوکارییەکی زۆری ماددی دەکرێن، هەندێکیان دەسەڵاتی باشیشیان پێدراوە. لەوانە عادل بەرواری کە لەخولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پەرلەمانتاربوو، ئێستاش راوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراقە. لەسەردەمی بەعسیش راوێژکاری سەدام بوو، بۆ لەناوبردنی ناوچە کوردییەکان".

بەرپرسی سەنتەری ئەنفال ئەوەشی وت "لەدوای ئەوەی دادگای تاوانەکانی ئەنفال داوای ئەو ژمارەیەی کرد لەموستەشارەکان، نەک هەر لێپێچینەوەیان لەگەڵ ناکرێت، لەو بڕوایەدام هەرگیز دەستگیرناکرێن، چونکە سەرکردایەتی پارتی پشتگیریان دەکات".

د. کامیران بەرواری نووسەرو مامۆستای زانکۆ لەلێدوانێکیدا بۆ لڤین نیگەرانی خۆی لەم حاڵەتە دەربڕی و هۆشداری ئەوەشیدا کە مانەوەی ئەو کەسانە رەنگە ئەنفالێکی دیکە بەسەر کورد بێنێتەوەو لەم بارەوە وتی "مانەوەی ئەو کەسە خائینو تاوانبارانەو دادگایی نەکردنیانو پشتگیریو هاوکاریکردنیان لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە مەترسیدارەو ئەگەر هەیە کوردستان جارێکیتر بخرێتە خزمەتیانو دوورنییە ئەنفالێکیتر دروست بکەنەوەو ژیانی خەڵکی بشێوێننو چارەنووسیان بکەوێتە مەترسییەوە".

**لەبادینان ژمارەیەک لەو مستەشارانەی کە تاوانبارن بەئەنفالکردنی بادینان لەلایەن پارتییەوە هەموو هاوکارییەکیان دەکرێت بەپێدانی پارەو زەویو دروستکردنی دیوەخان**

د. کامیران بەرواری، سەبارەت بەپشتگیری پارتی دیموکراتی کوردستان لەو کۆنە مستەشارانە وتی "ئەوەی پارتی دەیکات بۆ زیادکردنی هەوادارو دەنگەدەری خۆیەتی، بەبێ ئەوەی بیر لەڕابردوویان بکاتەوەو حساب بۆ ئەو هەموو ئازارەی خەڵکی بکات".

عەلی مەحموود ئەندامی رێکخراوی (چاک) لەلێدوانێکیدا بۆ لڤین وتی "ئێمە بەردەوام دەبین تادادگایکردنی تاوانباران، داواکاریمان هەیە، بەڵام تائێستا وەڵامنەدراوینەتەوە. قاید فەیلەقی (٥) ئێستا لەنەمسا دەژی چەندینجار نامەی داواکاری گشتی نەمسامان ناردووە بۆ دادگای باڵای تاوانەکان، بەڵام داواکەمان جێبەجێنەکراوە".

بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی کاروباری ئەنفالو شەهیدان، فوئاد عوسمان دەڵێت "ئەو کاتەی لەدادگای باڵای تاوانەکان بڕیاری دەستگیرکردنیان دەرچوو داوامان لەلایەنە پەیوەندیدارەکان کرد کە ئەم کەسانە دەستگیر بکرێن".


دهۆکییەکان لەپەنادانی موستەشارەکان نارازین. فۆتۆ: ئینتەرنێت

بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی کاروباری ئەنفالو شەهیدان وتیشی "ئێمە هەڵوێستمان هەبووە لەداهاتووشدا کاری بۆ دەکەین، بەڵام وەزیری شەهیدان لەبەغداد پۆستێکی تری وەرگرت تاکو وەزیرێکی تر دێت هەوڵی زیاتر دەدەین".

موئەیەد تەیب پەرلەمانتاری پارتی لەپەرلەمانی عێراق بێئاگایی خۆی دەربڕی لەوەی کەپارتی هاوکاری موستەشارە بەعسییەکان بکاتو وتی "بڕواناکەم پارتی هیچ هاوکاری ئەو خائینانە بکات من بۆ هەموو شت لەگەڵ پارتیم، بەڵام هاوکاری موستەشارە رووڕەشەکان بەهیچ شێوەیەک لەگەڵی نیم، چونکە ئەوان لەسەردەمی بەعس چەکی غەدرو خیانەتیان هەڵگرتووە، بۆیە پێویستە هاوکاری نەکرێن"

**لەلایەن پارتییەوە کارئاسانی دەکرێت بۆ گەڕانەوەی ژمارەیەکی تر لەو مستەشارانەی کە لەدەرەوەی کوردستانن بۆ بادینان، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی نیگەرانی لای هاووڵاتیان**